ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

بردن و هێنانی پەیوەندی، Msn Messenger

نووسەر: @:

بردن و هێنانی پەیوەندی، Msn Messenger.
ئەم وانەیە لەسەر Msn Messnger 7.0 Beta نووسراوە.
هەر کەسێک لە پرۆگرامی Msn Messenger دا، لیستەی تایبەتی بە ئەو پەیوەندیانەی هەیە کە لەگەڵیان دەمەتەقێ دەکات.
لەم وانەیەدا چۆنیەتی بردن و هێنانی ئەو پەیوەندیان شی دەکەمەوە.
لەوانەیە هەندێک جار بە هۆی ئەوەی کە پۆستێکی ئەلەکترۆنی نوێ دروست دەکەیت و دەتەوێ ئەو پۆستەئەلەکترۆنیە نوێیە لە مسن مەسەنجێر بەکار ببەی، پێویست بەوە دەکات هەموو پەیوەندیەکانی لیستەکەت جارێکی دیکە لە پرۆگرامەکەدا تۆمار بکەیتەوە.
لە رێگەی بردن و هێنانی پەیوەندیەکان لە مسن مەسەنجێر، دەتوانی بە چەند کرتەیەک ئەو هەنگاوە جێبەجێ بکەیت، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ژمارەی پەیوەندیەکان دەتوانرێت هەموو پەیوەندیەکانی پۆستی ئەلەکترۆنی کۆن، بە کرتەیەک لەوەی نوێدا تۆمار بکرێت.
لە پێشدا بچۆژوورەوە بۆ نێو مسن مەسەنجێر بۆ پۆستە ئەلەکترۆنی کۆنەوە، پاشان برۆ بۆ لیستەی Contact و Save Contact List... کرتە بکە.




شوێنێک هەڵبژێرە بۆ پاشەکەوتکردنی پەرگەی لیستەی پەیوەندیەکان.




لیستەکە خۆی ناوی دەبێت بۆ پاشەکەوتکردن، بەڵام گەر ویستت دەتوانی خۆت ناوێکی دیکەی بۆ بنووسی، پاشان کرتە بکە سەر Save و پاشەکەوتی بکە.
پەیامێک دێت کە نووسراوە لیستەی پەیوەندیەکانت بە سەرکەوتوویی پاشەکەوت کرا.




بەو شێوەیە هەنگاوی پاشەکەوتکردن کۆتایی پێدێت.
بۆ هێنانی ئەو لیستەیە بۆ نێو لیستەی هاوڕێکانت لە سەر پۆستە ئەلەکترۆنیە نوێکەت، جارێکی دیکە بڕۆ بۆ لیستەی Contact و Import Contact From A File کرتە بکە،




پەڕگەی پەیوەندیەکان دەستنیشان بکە و Open کرتە بکە بۆ هێنانی.
لەوانەیە پەیامت بۆ بێتە و ئاگادارت بکاتەوە لەوەی کە ئەو لیستەیە پۆستی ئەلەکترۆنی نوێی تێدایە و لە لیستەکەدا زۆر دەکرێن، OK کرتە بکە.
بەو شێوەیە هێنان و بردنی پەیوەندیەکان لە پرۆگرامی Msn Messenger کۆتایی پێدێت.
تێبینی>لەوانەیە نەتەوێ هەموو پەیوەندیەکانی نێو پۆستی ئەلەکترۆنی کۆن کە لە لیستە پاشەکەوتکراوەکەدا هەیە، بهێنیتە نێو پۆستە ئەلەکترۆنیە نوێکەت، لەو کاتەدا دەتوانی پەڕگەی پاشەکەوتکراوی پەیوەندیەکان لە گەڵ پرۆگرامی NotePad دا بکەیتەوە و ئەوانەی کە ناتەوێ بیانسڕیتەوە.
لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پاشەکەوتی بکەوە.
هیوادارم بەسوود بووبێت.

---

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت